پێشنوێژیتان بۆ دەکەم، ونیەتم نوێژکردن نییە؛ نوێژ دەکەم بەو شێوەی پێغەمبەرم بینووە نوێژی کردووە -صلى الله عليه وسلم

لە ئەبی قیلابە عبداللەی کوڕی زەیدی جەرمی بەسڕیەوە دەڵێت: «مالیکی کوڕی حوەیریس هات بۆ ئەم مزگەوتەمان، ووتی: «پێشنوێژیتان بۆ دەکەم، ونیەتم نوێژکردن نییە؛ نوێژ دەکەم بەو شێوەی پێغەمبەرم بینووە نوێژی کردووە -صلى الله عليه وسلم-»، ووتم بە ئەبی قیلابە، چۆن نوێژی دەکرد؟ ووتی: وەکو شێوازی نوێژکردنی ئەم شێخەمان، پاش بەرزکردنەوەی سەری لە سوجدە بردن دادەنیشت پێش ئەوەی هەستێت. مەبەستی لە شێخەکەیان: ئەبو بورەید بوو، عەمرو کوڕی سەلەمەی جەرمی.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەبی قیلابە دەڵێت: یەکێک لە هاوەڵان بە ناوی مالیکی کوڕی حوەیریس -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ مزگەوتەکەمان، ووتی: پێشنوێژیتان بۆ دەکەم، ونیەتم نوێژکردن نییە؛ بەڵکو پێشنوێژیان بۆ دەکەم ومەبەستم فێرکردنتانە بە شێوەیەکی کرداری بۆئەوەی وەکو شێوازی نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژ بکەن، چونکە ئەو پێغەمبەری بینیووە چۆن نوێژ دەکات -صلى الله عليه وسلم-؛ وئەم شێوازی کرداری فێرکردنە نزیکتر دەبێت بۆ تێگەیشتن وبۆ ماوەیەکی زۆرتر لەبیریان دەمێنێتەوە، گێڕەرەوەی فەرموودەکە لە ئەبی قیلابەوە دەڵێت: مالیکی کوڕی حوەیریس کە فێری نوێژی کردن بە چۆن (بە چی شێوازێک) نوێژی ئەنجامدەدا؟ ئەویش ووتی: وەکو شێوازی نوێژکردنی ئەم شێخەمان؛ ئەبو بورەید عەمرو کوڕی سەلەمەی جەرمی، پاش بەرزکردنەوەی سەری لە سوجدە بردنی دووەم دادەنیشت بۆ ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی هەستێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5391